

ماوەی چەند ساڵێك دەبێت خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان نارین فەقێ بەهۆی چەند هۆکارێکی تایبەت لە بواری هونەری و لە راگەیاندنیش دوورکەوتووتەوە و هیچ بەرهەمێکی نوێی بڵاونەکردۆتەوە، ئەمەش پرسیاری لای جەماوەر و هەوادارانی درووستکردووە، لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان نارین فەقێ وەڵامی ئەم پرسیارە و چەند پرسیارێکی دیکەی دایەوە.

## نارین فەقێ:

# لەبەر نەبوونی سانسۆری هونەری هەر کەسێک مایکرۆفۆنێکی بەدەستەوە گرت خۆی ناودەنێ هونەرمەند

**• ماوەیەکە بێدەنگی و هەستدەکرێ لە کاری هونەری دوورکەوتوویتەوە، هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەت چی بووە؟**

- هۆکاری دوورکەوتنەوەم زیاتر ئەوەیە کە بوومەتە دایکی منداڵێکی جوان بە ناوی (رۆنژا) کە ئێستا تەمەنی یەك ساڵە، هەروەسا کارێکی نوێم لە بواری یاسایی لەلایەن حکومەتی سویدی هەبوو کە پەیوەندی بە پەنابەرانی هەموو جیهانەوە هەیە.

**• هەر کەسێك عاشقی هونەرەکەی بێت، دوورکەوتنەوە لە هونەر بۆی زەحمەت دەبێت، تۆ چۆن توانیت ئەو ماوەیەت دوور لە هونەر بەسەر بەی؟**

- هەڵبەت زۆر ناخۆشە کاتێك هونەرمەند لە هونەرەکەی دووردەکەوێتەوە، بەتایبەتی دوای ١٠ ساڵ بەردەوام بوون لە کاری هونەری، بەڵام دوای ئەم دوو ساڵەی کە بێدەنگ بووم بە بەرهەمی جوانتر و بەپێزتر دەگەڕێمەوە مەیدانی هونەری کوردی و پێشکەشی جەماوەری دەکەم.

**• لەو ماوەیە هەڵوێستی جەماوەرەکەت بەرامبەر بە دوورکەوتنەوەکە چۆن بوو؟**

- هەڵوێستی جەماوەر بۆ من ئەوەیە کە زۆر دڵخۆشن، چونکە مافی هونەرمەندیشە وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی ژیان و خێزانی خۆی ئاوەدان بکات، ئەمەش مایەی خۆشحاڵی و سوپاسگوزاری منە، زۆر کەس پیرۆزباییان لێکردم بۆ لە دایکبوونی رۆنژا، هەروەها سەردانیان کردم، یان لە رێگەی فەیسبوك و تویتەرەوە پیرۆزباییان لێکردم. بە بۆچوونی من هونەرمەند ئەگەرچی پێویستە رۆڵی لە کۆمەڵگەدا هەبێت، بەڵام دەبێ وەك هەر مرۆڤێکیش ئاسایی بژی.

**• ئێستا بوویتە دایك، ئایا ئەمە نابێتە هۆکارێك بۆ دوورکەوتنەوەی زیاترت لە هونەر؟**

- نەخێر، چونکە ئامانجی من ئەوە بوو دوای چەندین ساڵ خزمەتکردن لە بواری هونەریدا ساڵێکی ئارام و هێمن بە رۆنژا ببەخشم، چونکە منداڵ لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا زۆر لە دایکییەوە نزیکە، هێواش هێواش دووبارە بە پرۆژەی نوێی هونەری دەگەڕێمەوە.

**• ئێستا کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، بەتایبەتی لە باشوور کە سەربەخۆیی کوردستان نزیکە بووەتەوە و پێویستە هونەرمەندێن کوردستان بوونیان هەبێت، بیرت لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی هونەری نیشتمانی نەکردۆتەوە؟**

- بەڵێ کارێکی نیشتمانی نوێ ئامادە دەکەم تایبەت بۆ رۆژئاوا و پێشمەرگە، دیارە رۆڵی هونەرمەند زۆر گرنگە و هەر هونەرمەندێك بتوانێت بە ستایلی تایبەتی خۆی تێکست و ئاوازی نوێ و جوان ئامادە بکات، من وەکو نارین فەقێ هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

**• بەر لە ١١ ساڵ دەستت بە کاری هونەری کردووە، ئایا تا ئێستا شوێنی خۆت لە نێو هونەری کوردی کردۆتەوە، یان نا؟**

- بە دیتنی خۆم و جەماوەر، من ناوێکی هونەری جوان و رەسەنم بۆ خۆم دروستکردووە بە ستایلێکی جیاواز و پێموایە ستایلی وەکو ئەو ستایلەی من کەمە لە گۆرانی وتن.

**• پێتوایە جیاوازیی نێوان هونەرمەندانی ئێستا و پێش ٣٠-٤٠ ساڵ زیاتر لەچیدایە؟**

- پێش ٣٠-٤٠ ساڵ تەکنیك و ستۆدیۆ وەکو ئێستا باش و پێشکەوتوو نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا کاری گەورە و جوان دەکرا. بەڵام بەداخەوە ئێستا لەبەر نەبوونی هیچ فیلتەرێکی هونەری هەر کەسێك مایکرۆفۆنێکی گرتەدەست خۆی ناو دەنێ هونەرمەند، هەڵەی زۆر گەورە لە کەناڵە هونەرییەکانی ئێمە هەیە کە هیچ فیلتەرێك دانانێن، بەو شێوەیە رەسەنایەتی ئەو هونەرمەندانەی کە خزمەتی هونەری کوردییان کردووە، هێواش هێواش ون دەبێت. ئەرکی ئێمە ئەوەیە لە کاتی ئامادەکردنی هەر بەرهەمێکی هونەریدا هیچ کاتێك ئەوە لە بیر نەکەین کە ئێمە کێین وەکو کورد و رۆڵی ئێمە چییە و چۆن دەتوانین خزمەتی وڵاتی خۆمان بکەین لە رێگەی هونەرەوە، ئەو هونەرمەندانەی سەر لە نوێ دەست بە کاری هونەری دەکەن، پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن.

**• مەقام تا چەند پێویستە بۆ ئەوەی هونەرمەندی کورد شارەزایی تێدا هەبێت؟**

- زۆر گرنگە، گرنگی مەقام ئەوەیە کە بەشێکە لە فۆلکلۆر و مێژووی هونەری ئێمە، هونەرمەندە لاوەکان پێویستە بزانن مەقام و لاوك چۆن دەوترێت و شارەزاییان لێی هەبێت.

**• چ چالاکییەکتان هەبووە بۆ هاوکاریکردنی کوردانی رۆژئاوای کە ئێستا روویان لە باشوور کردووە؟**

- لە ساڵی ٢٠١٢ من و عەلی شاکری هاوسەرم سەردانی کەمپی دۆمیزمان کرد لە شاری دهۆك، هەر لە ساڵی ٢٠١٢ من چالاکیم زۆر بوو وەك ئەندام لە ئەنجومەنی کوردانی سوریا لە سوید، ئەنجومەنی کوردانی سوریا رێکخراوێکی سڤیلە و نەبەستراوەتەوە بە هیچ پارتێکی سیاسی رۆژئاوای کوردستان و هاوکاری پێشکەش بە کوردانی رۆژئاوا دەکات لە بواری مافی مرۆڤ و دروستکردنی پەیوەندی لە ئەوروپا و سوریا. دوای سەردانەکەمان بۆ کەمپی دۆمیز و رەوشی خراپی ئاوارەکانم بینی، بڕیارم دا کە چەند ئاهەنگێك ساز بکەم بۆ پشتگیریکردن لە کوردانی رۆژئاوا، لە شاری ستۆکهۆڵم دوو ئاهەنگمان بۆ پشتیوانی کوردانی رۆژئاوا رێکخست و توانیمان نزیکەی نیو ملیۆن کرۆنی سویدی کۆبکەینەوە و بیاننێرین بۆ شارەکانی رۆژئاوای کوردستان وەکو عەفرین، کۆبانی، حەسەکە، عامودە، قامیشلۆ، دێرکێ، و بەرنامە و پلانم هەیە بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی کوردانی رۆژئاوا بکەم.

**• زۆر هونەرمەند بە زمانی بیانی گۆرانی دەڵێن، ئەوە چۆن دەبینی و ئایا جگە لە زمانی کوردی بە زمانی دیکە گۆرانیت وتووە؟**

- پێویستە هەموو هونەرمەندێك ستایلێکی تایبەتی خۆی هەبێت، ئەگەر هونەرمەند بە زمانی بیانیش گۆرانی بڵێ، هیوادارم تێکست و فۆنەتیکیان راست و دروست بێت، بۆ نموونە هەموو کەسێك ناتوانێت گۆرانی بە زمانی ئینگلیزی بڵێ، پێویستە هونەرمەندان گۆرانی بە گوێرەی دەنگی خۆیان بڵێن و تەقلیدی زمانەکانی دیکە نەکەن.

# جاکلین فرناندێز خواردن و نەوەخستنەوە بە یەکەوە دەبەستێتەوە

ئەستێرەی سینەمایی هیندی جاکلین فیرناندێز دانی بەوەدانا کە عاشقی خواردنە و هەمیشە حەز بە خواردنی خۆش دەکات و رۆژانە کاتێکی زۆری خۆی بۆ ئامادە کردنی خواردن تەرخان دەکات و بەردەوام سەیری ئەو کەناڵانە دەکات کە گرنگی بە خواردن دەدەن جا بە هەر زمانێك بێت و زۆریش حەز دەکات شێوەی ئامادە کردنی خواردنە جۆراوجۆرەکانی میللەتان دەدات بۆ ئەوەی چێژیان لێ وەربگرێت و ئامادەیان بکات.

فرناندێز لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی bollywoodlife ی هیندی کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی هونەرمەند وکەسایەتییە ناودارەکانی بۆڵیۆد، ئاشکرای کرد کە یەکێك لە ئارەزووەکانی بریتییە لە هەبوونی چێشتخانەیەکی گەورە کە هەموو جۆرە خواردنەکان لە خۆ بگرێت بۆ ئەوەی تامی زۆرترین جۆری خواردنی میللەتان بکات.

یەکێك لە پرسیارە وروژێنەرەکانی رۆژنامەکە لە فرناندیز ئەوە بوو: ئایا سێکس لە پێش خواردن دادەنێت؟ فرناندیز بە پێکەنینەوە وتی: سێکس بۆ زۆر بوونە، هەروەها خواردنیش بۆ مانەوەیە، نازانم چۆن یەکیان هەڵبژێرم، چونکە هەردووکیان وەکو یەك پێویستن بۆ مانەوە و پێویستە بە قووڵی بچمە نێو هەردووکیانەوە.

شایەنی باسە ئێستا فرناندیز خەریکی ریکلام کردنە بۆ فیلمە نوێیەکەی Kick کە هەر یەکە لە سەلمان خان و راندیب هودا بەشداریی تێدا دەکەن.



# ناهدە سوباعی خەریک بوو شەڕێکی گەورە بنێتەوە



خانمە ئەکتەری میسری ناهدە سوباعی ئاشکرای کە لەکاتی بەشداریکردنی لە خولی ٦٥ی فیستیڤاڵی کانی سینەمایی بووە هۆی درووستبوونی مشتومڕێکی گەورە لە نێوان ئەستێرەی سینەمایی جیهانی برۆس ویلس و هونەرمەند باسم سەمرە و گفتوگۆکەیان گەورە بوو و خەریك بوو شەڕێکی گەورە لە نێوان ئەو دوو ئەستێرەیەدا روو بدات. ناهدە ئاشکرای کرد لەو خولەی (فیستیڤاڵی کان)دا بەشدار بوو بە فیلمی (بعد الموقعه) کە خۆی و باسم سەمرە پاڵەوانی فیلمەکە بوون، برۆس ویلس «موجامەلەیەکی زۆری» کردووە، ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی و خۆی بۆ نەگیرا. ئەم تووڕەبوونەش خەریك بوو ببێتە شـــەڕێکی توند لە نێوانیان ئەگەر هەندێك لە ئامادەبووان ناوبژییان نەکردبا، ناهدە هۆکاری ســـەرەکی تووڕەبوونی باسمی بۆ ئەو جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ وەفدی میسریی بەشدار لە فیستیڤاڵەکە گەڕاندەوە. ناهدە لەمیانەی بەرنامەی (ان الاوان) کە هالە ســـەرحان لە کەناڵی (محور) پێشکەشـــی دەکات، ئەوەشی ئاشکرا کرد دوای مشـــتومڕەکە بە دزییەوە چووەتە لای برۆس ویلس و بانگێهشتی کرد بۆ ئامادەبوون لە نمایشی فیلمەکە، بەڵام باسم زیاتر تووڕە بوو، ئەمەش وایکرد کە بچێتە لای و داوای لێبوردنی لێبکات.

# لە پاڵەوانێکی بۆکسێنەوە بۆ ئەستێرەیەکی سینەما



بەر لەوەی کچە ئەکتەری ئەمریکی رۆندا روسی روو لە بواری نواندن بکات، پاڵەوانێکی ناوداری یارییەکانی هونەری جەنگی تێکەڵاو، (جۆدۆ و کاراتێ) بوو، هەر لەم بوارەشـــدا چەندین مەدالیای جۆراوجۆری ئۆلۆمپی بەدەســـتهێناوە، لەوانە مەدالیای برۆنزی لە ئۆلۆمپیاتی پەکین ساڵی ٢٠٠٨، هەروەها پلەی دووەمی بەدەستهێناوە لە پاڵەوانیەتی جیهان لە یاریی جۆدۆ ســـاڵی ٢٠٠٧ و چەندین خەڵاتـــی دیکەی جۆراوجۆر، ئەم ســـەرکەوتنانەی رۆندا و پێکهاتەی جەستەیی وایکردووە کە سەرنجی دەرهێنەران و بەرهەمهێنەرانی ســـینەما بۆ لای خۆی رابکێشـــێت. روسی دەربارەی ئەوەی کە کچێکی شـــۆخ و شەنگ و خاوەن بەهرەی هونەری بۆچی رووی لە وەرزشێکی توند و یارییە جەنگییەکان کردووە، دەڵێ: زۆر جار پێیان دەگوتم ئەو چالاکییانە چین کە زیاتر هانت دەدەن بۆ ئەوەی روو لە وەرزشـــی جۆدۆ و کاراتێ بکەی، بەڵام هیچ شـــتێك نەبوو کە هانم بدات، من لە یەك کاتدا ســـێ ئەرکم هەبوو جگە لە مەشـــقی رۆژانەی بەردەوام، من هەمیشـــە هەوڵمـــداوە بەرگری لە نازناوەکانی خۆم بکەم، بەمەش توانیم چێژێك بە یارییە جەنگییەکان ببەخشـــم، ئەوەی زیاتر شـــانازیی پێوە دەکەم، ئەوەیە کە سەرەتا توانیم گومان بخەمە دڵـــی جەماوەرەوە کە بە گومان بن لـــە تواناکانم، بەڵام دواتر پێچەوانەی ئەوەیان بۆ بســـەلمێنم. دەربارەی نواندنیش دەڵـــێ: وێنەگرتنی زنجیرەی (The Ultimate Fighter) ئەزموونێکـــی بـــاش بـــوو بۆ من، زۆر خۆشـــحاڵ بووم بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانم لەگەڵ کەســـانی نوێ، بەڵام یانەی وەرزشی ئەو شوێنەیە کە من دەتوانم سروشتی خۆمی تێدا بدۆزمەوە. شـــایەنی وتنە روســـی یەکەم ئافرەتە کە رۆڵی هەبێت لەگەڵ تیمەکەی سلڤســـتەر ستالۆنی لە زنجیرە فیلمی The Expendables ئەمەش بە هۆی هەڵکەوتەی جەستە و ماسولکە بەهێزەکانی.

## کامەران عوسمان:

# لەبەر گۆرانیی بیانی خەریکە گۆرانیی کوردیمان لە بیر بچێتەوە



هونەرمەند کامەران عوسمان ساڵی ١٩٧٠ لە خانەوادەیەکی هونەردۆست لە دایکبووە، برایەکی هونەرمەند بووە، خۆیشی لە ساڵی ١٩٨٣ هاتووەتە بواری هونەرییەوە، هەروەها ژیانی هاوسەریی لەگەڵ خانمە هونەرمەندی شانۆکار ئاشنا رەئوف پێکهێناوە، ئەمەش دیسان کاریگەریی هەبووە و بە هەردووکیان خانەوادەیەکی هونەرییان پێکهێناوە، کامەران عوسمان لە وەڵامی چەند پرسیارێکی (گوڵان)دا باس لە چەند لایەنێکی ژیانی خۆی و هاوسەرەکەی دەکات و چەند پرسێکی تایبەت بە بواری هونەر و گۆرانیبێژی دەخاتەڕوو.



**● دەتوانین بڵێین تۆ و ئاشنا تەواوکەری یەکترین؟**

- بێگومان ئەگـــەر هاوکار و تەواوکەری یەکتر نەبین، ئەوا ناتوانین لە کارە هونەرییەکانمان بەردەوام و سەرکەوتوو بین .

**● ئەو وەك ئەکتەر چۆن هاوکاریت دەکات؟**

- دیارە ئێمەش وەك هەر کەسێکی ئاسایی جگە لە هونەر ژیانێکی ئاسایی هاوسەریمان هەیە و خاوەنی دوو کوڕین بە ناوەکانی (ئەژی و ئاران)، دواتر هەر کاتێك یەکێکمان دەست دەکات بە کاری هونەری، ئەوی دیکە ئەرکی تری رۆژانە دەگرێتەئەستۆ، ئەمەش لە کارە هونەرییەکانماندا رەنگ دەداتەوە و دەبێتە جۆرێك لە هاوکاری.

*** هونەر ئێوەی وەك دوو هاوسەر بە یەك گەیاند ؟**

- نەخێر، بەڵام کاتێك کە (ئاشـــنا)م ناســـی، ئەو کات قوتابی بووم لـــە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بەشـــی شانۆ.

*** کەشوهەوای خێزانیت پێش و پاش ژنهێنان چ رۆڵێکی هەبوو لەوەی کە زیاتر روو لە کاری هونەری بکەیت؟**

- پێـــش ئـــەوەی ژیانی هاوســـەری پێکبهێنم، کەمتر کاری هونەریـــم دەکرد، بەڵام دوای ئەو پرۆســـە پیرۆزە هەستمکرد کە هاوسەرەکەم بۆ کاری هونەری زیاتر هاندەر و پشتگیرم بوو.

*** لە وەزارەتی پێشـــمەرگە فەرمانبـــەری، خۆت بە هونەرمەند دەزانی یان بە فەرمانبەرێکی ئاسایی؟**

- بێگومان خۆم بە هونەرمەند دەزانم، لەبەر ئەوەی من لە وەزارەتی پێشمەرگە لە تیپی موزیکی سەربازی وەك ژەنیاری ئامێری (کلارنێـــت) کار دەکەم، واتە ژەنیاری کلارنێتم لەگەڵ چەند کەســـێکی دیکە کە شارەزای ئەو بوارەن.

*** بۆچی لە ئێستادا گۆرانییەك نییە تۆمار بکرێت بە زیندوویی بمێنێتەوە؟**

- ئەم پرســـیارە لە جێی خۆیدایە و پێویســـتە قسەی لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی هەموومان دەزانین ساڵانێکە وڵاتانـــی چواردەورمان کاریگەرییەکی زۆریان لەســـەر گۆرانی و هونەری کوردی هەیە، بۆیە ئەو گۆرانییانەی کە لەلایەن هەندێ هونەرمەندەوە دەوترێ مۆرکی کوردی پێـــوە دیار نییە، ئەمەش وایکردووە کە گۆرانییەکان زۆر لە نێو خەڵکـــدا نامێننەوە، بەڵام گلەیی زۆرم لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکان هەیە، چونکـــە هەندێك گۆرانی هەیە، بەداخـــەوە دەڵێم ئەوەنـــدە گرنگی دراوە بـــە چۆنیەتی کلیپەکە، بەجۆرێك گوێگر نازانێـــت هۆنراوەکە باس لە چی دەکات، یان موزیکی گۆرانییەکە کە بە حیســـاب کوردییە، رەسەنییەتی کوردی پێوە دیار نییە، بۆیە دیسان دەڵێـــم: بەداخەوە ئەوەندەی گوێمان لە موزیکی وڵاتانی چـــواردەوری خۆمان دەبێت خەریکە موزیکی کوردی لە بیر دەکەین.

*** ئەگـــەر بەراوردێك بە گۆرانییـــە کۆنەکان بکەین، دەبینین ئەوانەی ئێســـتا هەمان چێژیان نییە وەك پێشتر هەبووە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لەبـــەر ئەوەی گۆرانییە کۆنـــەکان ئەوانەی کە من زانیاریم هەیە لەســـەریان، شـــتێك هەبوو لە گۆرانی و موزیکی کوردیدا، لە ســـاڵانی هەشتاکاندا هاوڕێیەتی و دڵســـۆزی هەبوو هەر لە دانانـــی موزیك و ئاواز و هۆنراوە، چونکە تەنیا بیر لە پێشکەشکردنی هونەر و کەلتووری رەسەنی کوردی دەکرایەوە.

*** سروود لە ئێستادا تا چەند گرنگە؟**

- بە دڵنیاییـــەوە ئێمـــە وەك میللەتی کورد پێویستە چەند سروودێکی ناخهەژێنمان هەبێت، بەتایبەتـــی لە کاتی جەنگـــدا وەك ئەوەی ئێستا هەیە، داواکارم لە خوای گەورە چیتر شـــەڕ و نەهامەتی روو لە میللەتەکەمان نەکات، بەڵام لەسەردەمێکی وەکو ئێستادا ســـروود جۆرێك لە ورەبەرزی بە هێزی پێشـــمەرگە و میللەتەکەمان بەگشتی دەبەخشێت.

*** بێ هونـــەر و گۆرانی چیت بۆ دەمێنێتەوە؟**

- وەك هونەرمەندێـــك وەك کاری رۆژانە و ژیانی ئاســـایی خۆم کاری گۆرانیوتن و موزیکیش دەکەم، بەڵام ئەگەر ئەم دوو کارەشـــم نەبێت، ئەوا جوانترین و گەورەتریـــن و پیرۆزترین شـــتەکان کە لە ناخمـــدا رەنگدانەوەی هەیە، بۆم دەمێنێتەوە کە خاك و نیشتمان و خێزانە خنجیلانەکەمن.

***کام گۆرانی ناخت پڕ لە خۆشەویستی دەکات؟**

- هەمـــوو گۆرانییەك بـــۆ هونەرمەند خۆشەویستە، بێگومان هەموو گۆرانییەکی جـــوان و پڕمانا لە هۆنراوە و ئاواز و موزیك و دەنگێکی هێمن بەخش لەخۆ بگرێت، ناخی من لە خۆشەویستی پڕ دەکات.

*** پێتوانییە بارودۆخی ئێستای کوردستان لەسەر لاوازبوونی پڕۆژە هونەرییەکان کاریگەریی هەبێت؟**

- بەدڵنیاییـــەوە کاریگەری دەبێـــت، چونکە هەموو کارێکی هونەری پێویســـتی بە بودجە و داراییەکی باش هەیە، لەبەر ئەوەی کوردســـتانیش ئێســـتا رووبەڕووی قەیرانێکی دارایی گەورە بووەتەوە، ئەمەش لەسەر هەموو بوارەکانـــی ژیان کاریگەری دەبێـــت و بواری هونەریش کە وەك وتم پێویســـتی بە دارایی هەیـــە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم بارودۆخەی ئێستا.